# "سۆشیالیزم هەرئێستا"ماكی چە پڕەوی منالآنە

## لە پەیوەندبە"حیزبی چە پی تاقە بەیاننامەیەك"ەوە

محمــــــــدغفـور 28ئۆكتۆبەر2004
mgafor@yahoo.com

هەلوێستی یەكپارچەی حككع بۆ پشتیوانی لەحككا ـ حكمەتیست،بەشوێن دوولەتبوونی حككا دا،ڕابەرایەتی بەجێماوی ناو ئەو حیزبەی تووشی شۆك وسەرەگێژە كرد. بەهەلەداوان خۆیان كۆكردەوە بۆ سازكردنی پیلانێكی دوژمنكارانە لەپێناوی هەلوەشانەوەی ئینسجام ویەكپارچەیی حككع دا،ودەستیانبردەوە بۆ ناو قوولآیی سوننەتی چەپی حاشیەیی وفیرقەیی وبەخێراییەكی بێوێنە بەسەر سوننەتەكانی كۆمۆنیزمی مەنسور حكمەتدا بازیاندا وپەڕینەوە.ئۆپۆرتۆنیستانە ویستیان فرسەت بێنن وكەلك لەناسكی بارودۆخەكە وفەزای نیگەرانییەكی بەرهەق كەسایەی خستبووەسەر بزووتنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری وەربگرن،وكاریگەری ئەو گورزە گورچكبڕە كەمتربكەنەوە كەبڕیاری ڕابەرایەتی حیزبی عێراق وەشاندبوویە شادەماری خەتی چەپی سوننەتی ناو حككا،بەبەرپاكردنی شۆڕشی ئەندامان، یاهیچنەبێ سازكردنی گێچەل وهەرایەك لەناو كادروئەندامانی حككع دا لەدژی ڕابەرایەتی،بەناوی پێشێلكرانی مافی ئەندامانەوە لەلایەن ڕابەرایەتی حككع وە،گوایا ئەم ڕابەرایەتییە بۆ گرتنەبەری ئەم هەلوێستە چارەنووسسازەی،لەناو ئەندامانیدا ڕاپرسی ئەنجامنەدابوو وسەربەخۆ بڕیاری پشتیوانیی لەحككا ـ حكمەتیستی داوە. هەموو ڕێگاقوڕاوییەكانیان شێلا وهیچیان وەگیرنەهێنا.ڕۆشنی ڕێچكەی كێشە وڕووداوەكان وبەرزیی هوشیاری ویەكێتی ناو ڕیزەكانی حككع و حرس وبەتەنگەوەبوونێكی لینینیستی بێهاوتا لەمێژووی ئەم حیزبەدا،كەبۆ دیفاع وپارێزگاری لەحیزب وحیزبییەتی كۆمۆنیستی كرێكاری لەناو سەرتاپای حككع دا شەپۆلی ئەدا،لەئاستێكدا بوو كەكادر وئەندامان وەلآمیان بەبانگەوازە دوكەلآویەكانی ڕابەرایەتی حككا ئەدایەوە وپەیتاپەیتا هەولەكانیان پووچەل ئەكردنەوە.كار گەیشتە جێگایەك كەوەستانەوە دژبەبانگەوازی ڕابەرایەتی حككا بۆ بەرپاكردنی شۆڕشی ئەندامان لەدژی ڕابەرایەتیمان ببوە ئامرازێك بۆ یەكپارچەیی وئینسجامی زیاتری ڕیزەكانی حككع ونێوان تەشكیلات وڕابەرایەتیمان.هەموو هەولە ئینحلالییەكانی حمید تقوائی وهاوڕێكانی بۆ لاوازكردنی حككع سەری كێشا بەبەردی یەكێتی ویەكپارچەیی حیزبی مەنسور حكمەتدا وبەزەرەری خۆیان تەواوبوو. بۆیە ڕابەرایەتی حككا ئەمجارەیان بەڕاشكاوییەوە دەستی لەسوننەتەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاری شت وپیلانگێڕانیان بۆ تێكدانی ڕیزەكانی حككع خستە دەستووری فەوری وبێپەردەی خۆیانەوە وبەناوی وەرچەرخانی حیزبی عێراقەوە بەلای ڕاستی كۆمەلگادا،شەرعییەتیان لەزەینی خۆیاندا پەیداكرد بۆ چنینی پڕوپاگەندەی ژەهراوی لەدژی ئەم حیزبە،كەتەنیا ئومێدی جیهانی شارستانی وخەلكی عێراقە لەم سیناریۆ وگێژاوە سیاسییەی كە عێراقی تێكەوتووە، وڕۆژانە هەموو دنیا شاهیدی وەستانەوەی دلێرانەی ئەم حیزبەن لەبەرامبەر هێزەكانی ئەمریكا ودارودەستەی تیرۆریستی ئیسلامی وقەومی وعەشائیری وحكومەتی دەسچنی ئەم هێزانەدا، لە بەغدا وكەركوك وشارەبان وشوێنەكانی تر.وەئەم ئەركە ڕاسترەوییەیان بەناوی چەپڕەوییەوە كردە ئەولەوییەتی كاری كۆنگرەی نایاسایی حككا وبەبڕیارنامە لەو كۆنگرەیەدا پەسەندیانكرد.

ئەوەتا ئێستا كەكاریكاتۆرێكیان قوتكردۆتەوە بەناوی "حیزبی چەپی عێراق"ەوە لەو هاوڕێیانەی كەشوێن بانگەوازە ئینحلالتەلەبانەكەی ڕابەرایەتی حككا كەوتن،وبەناوی خیلافی سیاسییەوە هەر لەئەوەل ڕۆژەوە هەموو مەوازین وئوسولە حیزبییەكانیان خستەژێرپێیانەوە وگوێیان بۆ هیچ ئۆرگانێكی حیزبی شلنەكرد،حمید تقوائی لەپەیامی پشتیوانییەكەیدا بۆ ئەم دەستە یاخی وبێزارە لەحیزبییەت، ئیعتراف

بەشکستی خۆی ومەحکەمی حککع دەکات،وحیزبی سیاسی چینی کرێکار،بەو مانایەی کە مەنسور حکمەت ووتی"هاوڕێیان باوەڕ بکەن ئێمە هێشتا حیزبی سیاسیمان دانەمەزراندووە....ئەم حیزبە(مەبەستی حککا بوو) لەچەپی سوونەتییەوە نزیکترە تا لەخەتی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە"،لەهەموو مانا وناوەرۆکێکی بەتال ئەکاتەوە وبەهەلوێستی ئۆپۆرتۆنیستانە وچەپڕەوانەی خۆی یەکێك لەپرۆژە هەرە عەزیمەکانی مەنسور حکمەت،یانی حککع کەکۆسپێکی هەرە قایمی بەردەم بۆرژوازی وپرۆژە کۆنەپەرستانە ودژی ئینسانییەکانییەتی لەعێراقدا،بەهیچ دائەنێ وتاقە ڕاگەیاندنی سەر وەرەقەیەکی ئەم دەستە کۆمۆنیستە پەست وبێزارە لەحیزب وحیزبییەت،کەلە بنەڕەتدا بوونی سیاسییان بەهەر ناوەرۆکێکیانەوە بێت،بەکردەوە لەپرۆسەیەکی ئاشکراو کتومت بەپێی سیاسەت وبەرژەوەندی ڕابەرایەتی حککا لەدژی حیزبی ئێمەو، وەستانەوە ودژایەتیکردن وپشتکردن لەحیزب وحیزبییەت وبازدان بەسەر پرەنسیپ وئوسولە حیزبییەکاندا تەجسید کرد، بەنوێنەری مەنسور حکمەت وحیزبی سیاسی چینی کرێکاری عێراق لەقەلەم ئەدات،وئەنووسێ: "ڕابەرایەتی حککع بەپەلە وبێ قەید وشەرت پەیوەست بوو بەئینشیعابییەکان وحیزبەکەیانەوە وڕێگەیان بەست لەهەر جۆرە تەرح وناسینێکی باس وهەلوێستە ئوسولییەکان دەربارەی ئیختیلاف نەزەرە قووڵەکان کەلەناو حیزبی ئێمە وبەم ئیعتیبارەش لەناو تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هاتبووە پێشەوە لەناو حیزبی خۆیاندا"........لەشوێنێکی تر ئەلێ:"ئەم حیزبە دائەمەزرێت بۆئەوەی وەلام بە ئەرکە خەتەرە شۆڕشگێڕانە وسۆشیالیستییەکانی بزووتنەوەکەمان بداتەوە لەهەلومەرجی ئالۆزی ئەمڕۆی عێراقدا". وەداوا ئەکات لەکرێکاران وخەلکی عێراق لەپێناوی دامەزراندنی "سۆشیالیزم هەرئێستا"دا بەبێ ناسین ولەبەرچاوگرتنی هێزەکانی سیناریۆی ڕەش،وگرتنە پێشی تاکتیکی درووست،بەخاوەنانی ئەم بەیاننامەیەوە پەیوەست بن.ئەم بانگەوازە بەداخەوە ئیلهامەکەی لە"فتح الله ئاهورا یزدی"یەوە وەرگیراوە.کەلەم ڕۆژانەی دواییدا بانگەوازی خەلکی ئێرانی کرد بێنە ژێرڕکێفی ئەوەوە تالەچنگالی جمهوری ئیسلامی ئێران نەجاتیان بدات،وڕابەرایەتی حککاش بانگەوازی خەلکیان کرد بەشداری ئەم ئاکسیۆنە بکەن وشیعاری سۆشیالیستی خۆتان بلێنەوە!!حمید تقوائیش "هخا"ی خۆی ئاراستەی عێراق کرد بۆ نەجاتی خەلکەکەی!!ئەم دەستەکۆمۆنیستە نوێیە هێشتا خەت ونیشان وپلاتفۆرمی سیاسیان بۆخۆشیان ناڕۆشنە.چونکە لەسیمینارێکدا کە سمیر نووری ئەندامی دەستەی تەنفیزی ئەم"حیزبەچەپە"سازی کرد لەپالتالکدا،لەبەردەم لێشاوی پرسیارو ڕەخنەدا نەك بێوەلام بوو،بەلکو کۆڕەکەی خۆشی بەجێهێشت.لامبالاتی بەرامبەر شەخسیەت وڕاوبۆچوونی کەسانێك کەبەهەر دەلیلێك بەشداری سیمینارەکەی ئەویان کرد، نوخشەی مژدەیەکی نەزۆکە کە حمید تقوائی لەڕێگەی ئەم دەستەیە لەهاوڕێیانی دوێنێمانەوە ئەیدات بەگوێی کۆمەلگادا بۆ زەعیفکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وحیزبەکانی،بەتایبەت حککع. ناکرێت قامەت وبالای حیزبێکی سیاسی دەخیل وکاریگەر لەئەوزاعی کۆمەلگایەکی 26ملیۆنیدا،کەمۆرکی خۆی وکۆمۆنیزمی کرێکاری ناوە بەنێوچەوانییەوە،وهەر ئەم ساتانەی من ئەم دێڕانە ئەنووسم دەیان ڕابەر وکادری ئەم حیزبە لەعێراق ژیانیان تەرخانکردووە بۆ دیفاع لە حورمەتی ئینسان،لەمپەری سەختی بەردەم قەسابی کردنی ژنانن لەلایەن تیرۆریزمی ئیسلامی وقەومی وقەبیلەییەوە. پشت وپەنای منالان وبێکاران وبێخانەولانە وئاوارەکان و...تدن وخەولەچاویان ناکەوێت و24سەعاتە تێئەکۆشن تاناڕەزایەتی جەماوەری وهێزی ئازادیخواز وشارستانی ئەم کۆمەلگایە یەکگرتوو ڕێکخراوبکەن،وبەربە تالانوبڕۆی دەستەودایەرەی حکومەتی دەستسازی ئەمریکاو حیزبە ئیسلامی وقەومییەکان بگرن وهێزی خەلك یەکگرتوو وڕێکخراوبکەن بۆ سازدانەوەی کۆمەلگای مەدەنی، بەچەند تۆمەتی بێبناغەی وەکو:"ڕاست" "چەمانەوە بەلای سیاسەتی بەعسییەکان وئیسلامییەکاندا ـ وەکو علی جوادی ئەلێ(واته الحجاریان)" "وازهێنان لەسۆشیالیزم"و... لەمەیدانی سیاسەتی ئەسلی کۆمەلگای عێراقدا بسریتەوە.مەگەر لەچواردیواری عەقیدەیی ڕوانینی منالانەدا بۆ سیاسەت وبۆ کۆمەلگا ئەم کارە ممکن بێت. ئەمە ئیتر جگە لەنەخۆشی چەپڕەوی منالانە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وکرێکاریدا چی پێناسەیەکی تر هەلئەگرێت!!ئاخر لەجیهانی داخراو وبچکۆلەی حمید تقوائی وهاوڕێکانیدا عەقیدە ئەسلە،نەك کۆمەلگا.فیرقە گرنگترە،نەك حیزبی سیاسی. هاودلی جێگای حیزبییەت

وپرەنسیپە حیزبی وڕێکخراوەبیەکان ئەگرێتەوە،وبەقەولی کۆرش مدرسی:"حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وئێمە لەگەل ئەواندا جیاوازی عەقیدەییمان هەیە چتاوانێك لەمە گەورەترە! ڕێك وەکو ڕەوتە مەزهەبییەکان کەپەیوەندییان لەگەل جیهانی دەرەوەیاندا بیروباوەڕی فیرقەکەیان پێناسەیئەکات، وەنەك پەیوەندی ئەوان لەگەل جیهانی دەرەوەیان.لێرەدا ئەوەش گرنگ نییە ئێوە لەکوێی ئەم جیهانە ولەجەرگەی کام ململانێی کۆمەلایەتی یا سیاسیدا دەرگیربیت،گرنگ ئەمەیە کەپەیوەندی عەقیدەیی ئێوە لەگەل ئەم فیرقەیە چییە.بەیانکەری درووست ونادرووست،چەپ وڕاست نەك پەیوەندی ئێوەیە لەگەل جیهانی دەرەوەتاندا بەلکە پەیوەندیتانە لەگەل خودی ئەم فیرقەیەدا.ڕێك وەکو مامەلەی یەك دەماگیری مەزهەبی لەگەل یەك بەهائیدا. هەموو کارێك دەرهەق بەبەهائی ڕێپێدراوە وبەهائی هەرکارێك بکات وببێتە ڕابەری هەر حەرەکەتێکی کۆمەلایەتی وسیاسی کافرە وخوێنی حەلالە.بەلای ئەمانەوە نەئێمە ونەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەجیهانی دەرەوەدا بوونمان نییە.ئەتوانرێت هەر درۆیەك بەئێمەوە بلکێنرێت،هەرچی نەگووتراوە بەگووتراو ڕابگەیەنرێت." بۆیە شیعاری "سۆشیالیزم هەرئێستا"بەبڕوای من جگەلەو سۆشیالیزمەی کەتەنهاوتەنها لەفەرهەنگی سیاسی چەپی حاشیەییدا دەستئەکەوێت،لەهیچ جێگایەکی جیهانی ئۆبجێکتیف وقانوونمەندییەکانیدا پەیدانابێت.ئەم شیعارە شانخالیکردنەوەیە لەڕەخنەی مارکس ولینین ومەنسور حکمەت وچینی کرێکار لەجیهانی بۆرژوازی ورژێمی سەرمایەداری.ئەمە وەرەقە وپلاتفۆرمی سیاسی "حیزبی چەپی چوارمشقییە!!" کەلەتووندترین کێشمەکێشێکدا کەهەر ئێستا لەعێراقدا لەئارادایە وئێمە بەمەحکەمی جێگاپێمان تیایدا دەرگیرین وبەم دەنگە دلێرەمان ڕەخنەش لەئێوە ئەگرین. سەرتاپای ئەم سیاسەت وپیلانگێڕییە پەیوەندی نییە بە کۆمەلگا وبەحیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستیی کرێکارییەوە کەشانی دابێتە بەر داتەپاندنی کۆمەلگایەکی گەورە وحەساسی وەکو عێراق،ولەکێشمەکێشدابێت بۆ سازدانەوەی ژیان ومەدەنیەت وحورمەتی ئینسانەکان تیایدا.